# وەزیری دادی عێراقی و ڕای دژ بەدادپەروەری

## ئەحمەد دەشتی

لەم ڕۆژانە دا هەوالێکم خوێندوە  کە لە چاو پێکەوتنێک لەگەل مالک دوهانی وەزیری دادی عێراقی لە گەل ڕۆژنامەی (ئەلدەستور)ی ئوردنی دا زۆر نادادپەروەرانەدژیکورد دواوەو بە فیدرالیش ڕازی نیە با ویستی گەلی کوریش بێت !! جەنابی وەزیر دەفەرموێ: مەحالە حکومەتی فیدرالی لە عێراق بێتە کایەوە، بەلگەشی بۆ ئەمە ئەوەیە کە دەلێت: عێراق لە گەل وەلاتانی تر جیایە و پێکهاتەی فیدرالی ئەگەر چی بۆ کوردیش چاک بێت،بەلام خەلکی عێراق قەبوولی ناکات چونکە عێراق پارچە پارچە دەبێت!!!.جا وای بە حالی عێراق ، وەزیری دادی ئاوا بیر بکاتەوە،جا کوردینۆ وریا بن ڕاو بۆچونەکانی نەیاران ئاوان دوێنێش جەنابی یاوەریش  گەلی کوردی مال لێ ڕماوو خاک داگیر کراوو ئەو هەموو کارەساتانە بە سەر هێندراوی  بەخاین ناو برد و چونکە  داوای مافی خۆی دەکات.

بەلێ دیسان هەست بۆگەنان و چاوچنۆک ولاسایی کەرانی سەدامیانی دڕندەو مرۆ کوژ لە کورد پەیدا دەبنەوە، لەم لاو ئەولادا هەروەک لە ناو دەرونیان دا تەنیا نەزانین و گیانی بکوژی و دڕندەیی و دژایەتی گەلان لە ناو هەستیان دا خولقاوە بۆیەکە شەتەحاتان دەفەرموون و دژ بە ویست و خواستی گەلی کورد دەکەن و دەدوێن بە ناوی گەلی عێراقەوەش پەلاماری کورد دەدەن ، دیسانەکە دەیانەوێ کە خوێنی هەزاران هەزار ڕولەی کوردی قارەمان کە ئەمڕۆ بە کەمترین مافە ڕەواکانی خۆی لە  چوار چێوەی عێراق دا ڕازیەو زۆر بە داخەوەش کە تا ئێستا بە کوێرایی چاوی هەزاران هەزار دوژمنانی کورد داوای سەربەخۆیی نەکردووە ،تا ئێستا نەی ویستوە کە لە عێراق جیا بێیەوە و کوردیش وەک گەلی عارەبی  کەی جەنابی وەزیری هەموو شتێک بۆ خۆیان بە ڕەوا دەبینن بۆ کورد بە گوناهی دەزانن کەسێ کە ئاوا بێت بەسەر دادپەروەری لەعێراقا داسەپاوە کە ئە لێ

هاتویەی نیە جا دەبێ چی وەسەر گەلی عێراق بێنێ، خۆ دیاریشە کە ئەو لیاقەتە دادوەرانەی بە هیچ شێوەیەک لە هەست و دەروون دا نیە و کابرایەکی نەزان و دوورە لە دادپەروەری ، ناڕاستیەکاندەدرکێنێ چونکە ئەگەر مرۆیەکی دادپەروەر بایە ئاوا بەم شێوە شەتەحات و پەتەحاتی نەدەفەرموو و بە ناوی گەلی عێراقەوە دژ بە خواست و ویستی گەلی کوردی بەشخوراو و ساڵها لە ناو ماڵ و حالی خۆی دەرپەڕێندراو،کە ئەمڕۆ داوای فیدرالی دەکات و دەیەوێ لە ناو ماڵ و حالی خۆی  دا ئارام و ئاسودە بژیت و کوردستانی خۆی لە دەستی خۆی بێت و خۆی خاوەنی هەلس و کەوت و ژیانێنکی ئازادانەی خۆی بێت و ئیتر کەسانی وەک جەنابی وەزیرو هەموو ئەوانەی کە لاسایی سەدامیان دەکەنەوە جارێکی تر وا دێنەوە مەیدان و دەیانەوێ کە کوردستان بشێلنەوە، چونکە دەروون کەسیفانی شۆڤێنی قەت پاک نابێنەوە، کەسانی وەک جەنابی وەزیری داد کە ئەمڕۆ هیچ کارە نیەو تەنیا وەک بتێک لەوێندەر داندراوەو دیاریشە کە گوێڕایەلی کێن و کێ لە وێندەری داناوە و هیچ دەسەلات و هیچ شتێکیشی ئەمڕۆ لە دەست نایەت ،کەچی هەق بە خۆی دەدات کە زۆر بە نادادیەوە بفەرموێت و پیشەکەی خۆشی کە دادپەروەریەبخاتە ژێر پێیەوە و ئەو مافەی کە بۆ گەلی عارەبی خۆی  بە ڕەوای دەبینی بەڵام بۆ گەلی کوردێکی کە مرۆ کوژان و دکتاتۆر و جنایەتکارەکانی بەغدا لە سەر ئەوەی کە گەلی کورد تەنیا داوای مافە ڕەواکانی خۆی کردووە دیمان چیان وەسەر هێناین  !! بەڵام ئاکامەکەشیان وا لە بەر چاوانە.

جا من وەک کوردێک لەم دوور وەلاتەوە بە جەنابی وەزیری نا دادخا دەڵێم جەنابی وەزیر، گەلێکی وەک تۆ سەریان لە بەر داو هێرشیان کردو ناڕاستیان گوت و خەراپەیان دژ بە گەلی کورد کرد بەڵام ناویان کەوتە زبلدانی مێژووەوە ، جاتۆ ڕازی بی یان ڕازی نەبی تۆ بتەوێ و نەتەوی دەبێ ئەو ڕاستیانەی کە هەن هەر وەدی بێت و جا چاک بزانە ئەگەر دادپەروەریت خوێندووە دەبێ بزانی کە مافی چارەنووسی هەر میللەتێک تەنیا لە دەست خۆیەتی و بەس نەک خەلکانی تر بڕیاری بۆ

**بدەن،  تۆ کە مافی ئەوەشت نیە بە ناوی گەلی عێراقەوە بپەیڤی و  نا دادپەروەری بە ناوی دادەوە پیادە بکەی ، دەبێ ئەو ڕاستیە بزانی کە کورد بڕیاردانی مافی خۆی چی دەوێ لە دەست خۆیەتی کە داوای بکات و هەر خۆشی دەیسەنێت نەک خەلکانی تر،جەنابی وەزیری دادپەروەری وای بە خەلکی عێراق کەو تۆ وەزیری دادی بیت!!!جا بڕیاری جەنابی وەک تۆ، کە وەک هەموو پیاو خەراپانی دژ بە کورد لە هاو زمانانی خۆت، هیچ کاریگەریەکتان نابێت لە سەر کێشەی ڕەوای کورد وچاک بزانە کە کورد بەرەو قۆناغی دوایی خۆی کە سەربەخۆیی کوردستانە دەڕوات،جا با تۆو هاوبیرانت و هەموو شۆڤێنیە عارەبەکانت دژ بە کورد لەولاو ئەم لا ،لە سەر رادیۆ و سیماو ڕۆنامەکانی عارەبی دژ بە کورد بدوێن و پەلاماری گەلی کورد بدەن ،من بە تۆ دەڵێم جەنابی وەزیر، فیدرلای لە عیراق دا بۆ کورد وەدی هاتوە و دەش چەسپێت، جا خەلکی عارەبی شۆڤێنی کەسانی وەک جەنابت پێتان خۆش بێت یا ناخۆش بێت، کورد دەبێ بە خاوەنی فیدرالی و سبەی ڕۆژیش بەرەو سەرکەوتنی هەمیشەیی دەڕوات و کەسانی وەک جەنابی وەزیری ناداد پەروەرانەی عێراقیش با هەر لە چۆکی خۆی بدەن و بۆ خۆیان بڵێن و لاسایی دکتاتۆرەکان بکەنەوە.**

18.10.2004